# پەڕەی زانیاری لەسەر
# پشکنینی ملی منداڵدان

## فەحسی پشکنینی ملی منداڵدان چیە؟

**فەحسی** پشکنینی ملی منداڵدان دۆخی تەندروستی ملی منداڵدان دەپشکنێت. ملی منداڵدان دەرچەی منداڵدانی تۆیە لە زێوە. پشکنینی ملی منداڵدان یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی پاراستنی تۆیە لە شێرپەنجەی ملی منداڵدان.

ئەمە پشکنینی شێرپەنجە نییە. ئەمە پشکنینێکە کە دەتوانێت یارمەتی ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی شێرپەنجە بکات.

یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ پاراستنی خۆت لە شێرپەنجەی ملی منداڵدان هەربۆیە ئەنجامدانی تێستی پشکنینی ملی منداڵدان دوا مەخە، چونکە هەتا زووتر بکرێت باشترە.

## پشکنینی ملی منداڵدانی HPV چییە؟

ئەمە ڕێگایەکی نوێیە بۆ پشکنینی ملی منداڵدان. ئەمە پێی دەوترێت پشکنینی ملی منداڵدانی HPV و لە ساڵی 2020 لە ئیرلەندا ناسێندرا. ئەم جۆرە پشکنینەی ملی منداڵدان پێشتر لە ئوسترالیا، هۆڵەندا، ئینگلتەرا و وێلز دا ناسێندراوە. نموونەی پشکنینی ملی منداڵدان یەکەمجار بۆ ڤایرۆسی پاپیلۆم مرۆیی سەیر دەکرێت (HPV) - ڤایرۆسێک کە دەتوانێت ببێتە هۆی شێرپەنجەی ملی منداڵدان.

ئەگەر HPV دۆزرایەوە، ئەوا هەمان نموونەی تاقیکردنەوە دەپشکنرێت بۆ ئەوەی دەرکەوێت ئایا گۆڕانی خانەیی نائاسایی (پێش شێرپەنجە) لە ملی منداڵدانی تۆدا هەیە یان نا.

ئەم ڕێگای پشکنینە:

- باشترین ڕێگای پشکنین ملی منداڵدانە
- ڕێگری دەکات لە شێرپەنجەی زیاتر
- واتە هەندێک کەس پشکنینی کەمتریان هەیە ئەگەر تۆ پێشتر پشکنینی پاپ سمیرت ئەنجام دابێت، ئەنجامدانی تێستی پشکنینی ملی منداڵدانیش هەروایە.

## تێستی پشـکنینی ملی منداڵدانی HPV چۆن دەکرێت؟

ئاساییانە تێستی پشکنینەکە نزیکەی 5 خولەکی پێدەچێت.

1. داوات لێدەکرێت کە لە کەمەرەوە خۆت ڕووت بکەیتەوە و لەسەر قەنەفەیەک پاڵ بکەویت
2. دەتوانیت لەسەر تەنیشت یان لەسەر پشتت پاڵ بکەویت، هەرکامیان بۆ تۆ ئاسانترە.
3. پزیشک یان پەرستار بە ئارامیی ئامرازێک کە پێی دەوترێت نازۆر دەخاتە ناو زێی تۆ. ئەمە دیوارەی زێی تۆ دەکاتەوە، بەم چەشنە دەتوانن ملی منداڵدانی تۆ ببینن.
4. فڵچەیەکی بچووک و نەرم بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی بە هێواشی نموونەی خانە لە ملەی منداڵدان کۆ بکرێتەوە.

هەندێک کەس بەلایانەوە کارێکی نارەحەت یان شەرمەزارکەرە، بەڵام بۆ زۆربەیان ئێشی نییە. ئەگەر زانیت کە پشکنینەکە بەئازارە، ئەوا بە پزیشک یان پەرستارەکە بڵێ بۆ ئەوەی بتوانن نارەحەتیەکە کەمتر بکەنەوە.

## سوودەکانی پشـکنین ملی منداڵدان چین؟

پشکنینی ملی منداڵدانی HPV ـی بەردەوام:

- ژیان دەپارێزێت دەتوانێت HPV بدۆزێتەوە بەرلەوەی ببێتە هۆی خانەی نائاسایی لەناو ملەی منداڵداندا
- دەتوانێت گۆڕانکارییە نائاساییەکانی خانە بدۆزێتەوە بەرلەوەی نیشانەکان دەرکەون
- دەتوانێت گۆڕانکارییە نائاساییەکانی خانە بدۆزێتەوە کاتێک کە چارەسەرکردنیان ئاسانترە

دۆزینەوەی HPV و خانە نائاساییەکان بەشێوەی پێشوەختە باشترین ڕێگای ڕێگریکردن لە دەرکەوتنی شێرپەنجەی ملی منداڵدانە.

- هەربۆیە ئەنجامدانی بەردەوامی پشکنین گرنگە.

## ماسنووردارێتییەکانی پشکنینی ملی منداڵدان چین؟

سنووردارییە سەرەکییەکانی پشکنینی ملی منداڵدان ئەمانەن:

- پشکنینی ملی منداڵدانی ڕێگری لە هەموو حاڵەتەکانی شێرپەنجەی ملی منداڵدان ناکات
- هەندێک کەس سەرباری پشکنینی بەردەوام هێشتا شێرپەنجەی ملی منداڵدانیان تێدا دەردەکەوێت
- هەندێک گۆڕانکاریی نائاسایی خانە لەوانەیە نەدۆزرێتەوە، پشکنینەکە هەر حاڵەتێکی گۆڕانیی نائاسایی خانە نادۆزێتەوە
- هەندێکجار ئەنجامەکانی پشکنینەکە ڕاست نین

## چی بەسەر نموونەکەی مندا دێت؟

نموونەکەی تۆ دەبرێتە تاقیگەی پشتڕاسکراوەی کوالیتی. نموونەکانی تۆ لە تاقیگە دەپشکنرێن بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا هەوکردنی HPV ـت هەیە یان نا. ئەگەر هەوکردنی چالاکی HPV ـت هەبێت، ئەوا دوو پسپۆڕ نموونەکەی تۆ بۆ حاڵەتی گۆڕانی خانەکان دەشپکنن. ئەگەر هەر چەشنە گۆڕانکارییەکیان دۆزیەوە، ئەوا پێویستە پشکنینی بەدواداچوون بکەن کە پێیدەوترێت ناوبینی زێ. ناوبینی زێ ڕوانینێکی زۆر وردترە لەسەر ملی منداڵدانی تۆ.

## بۆچی هەندێک لە گۆڕانکارییە نائاساییەکانی خانەکان دەرناکەون؟

یەکەمجار نموونەکەی تۆ بۆ HPV سەیر دەکرێت. ئەگەر HPV دۆزرایەوە، ئەوا بۆ خانە نائاساییەکان سەیر دەکرێت.

بەڵام نەک ئەوەی کە لە هەرکەسێک کە شێرپەنجەی ملی منداڵدانی تێدا دەرکەوتووە، HPV ـیش لە پشکنینەکەیدا دەردەکەوێت.

تێستێکی نەرێنی HPV - حاڵەتێک کە تێدا HPV نەدۆزرایەوە - هەروەها بە واتای ئەوە نیە کە لە داهاتوودا تووشی هەوکردن نابیت.

هەندێکجار گۆڕانکارییە نائاساییەکانی خانەکان دیار نابن لەبەر ئەوەی:

- هەندێجار خانە نائاساییەکان بە هەمان شێوەی خانە ئاساییەکان دەردەکەون.
- لەوانەیە هەندێک خانەی نائاسایی لەناو نموونەکەدا هەبن
- کەسێک کە خوێندنەوە بۆ نموونەکەت دەکات لەوانەیە خانە نائاساییەکان لەبیر بکات (ئەمە ناوبەناو ڕوودەدات، گرنگ نییە کە ئەوان چەندە بەئەزموونن)

هیچ تاقیکردنەوەیەک لە بەرنامەی پشکنیندا هەموو کەسێک کە خانەی نائاسایی ملی منداڵدانیان هەیە نادۆزێتەوە.

شێرپەنجەی ملی منداڵدان چەند ساڵ دەخایەنێت هەتا دەربکەوێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، 10 بۆ 15 دەبات کە خانەکان لە ئاساییەوە ببنە نائاسایی و دواتر ببنە شێرپەنجە. لەبەر ئەمەیە کە پێویستە هەمیشە هەرکات کە وادەی هات فەحسی پشکنینی ملی منداڵدان ئەنجام بدرێت.

# پەڕەی زانیاری لەسەر
## پشکنینی ملی منداڵدان

Kurdish

## چۆن دەربارەی ئەنجامەکانی پشکنینەکەم زانیاری وەربگرم؟

ئەنجامەکانی تۆ لەڕێگەی پۆستەوە دەنێردرێن، ئاساییانە لەمیانەی 4 هەفتە دوای پشکنینەکە. هەروەها ئەنجامەکان دەنێردرێن بۆ پزیشکی گشتیت (دکتۆر) یان نۆڕینگەکەت.

## ئەنجامی پشکنینەکەی من واتای چیە؟

چوار ئەنجامی ئیحتمالکراو هەن.

1. HPV دەرنەکەوتووە

ئەنجامەکانی تۆ نیشانی دەدەن کە تۆ لەم کاتەدا هەوکردنی HPVـت نییە. فەحسی پشکنینی داهاتووی ملی منداڵدانیت لە 3 یان 5 ساڵی دواتر دەبێت، بەپێی تەمەنەکەت.

2. HPV بینراوە و هیچ گۆڕانکارییەکی نائاسایی خانەیی نەدۆزراوەتەوە

ئەنجامەکانت نیشانی دەدەن کە تۆ هەوکردنی HPVـت هەیە بەڵام هیچ گۆڕانکارییەکی نائاسایی خانەیی نەدۆزراوەتەوە پێویستە تۆ پشکنینەکە دووپات بکەیتەوە لە 12 مانگی داهاتوودا. ئەمە کات دەداتە جەستەت کە هەوکردنی HPV بسڕێتەوە.

3. HPV بینراوە و گۆڕانکاریی نائاسایی خانەیش بینراوە

ئەنجامەکانی تۆ نیشانی دەدەن کە تۆ هەوکردنی HPV و گۆڕانکاریی نائاسایی خانەت لە ملی منداڵدانتدا هەیە. پێویستە پشکنینی بەدواداچوون بکەیت کە پێی‌دەوترێت ناوبینی زێ - ڕوانینی زۆر وردتر لەسەر ملی منداڵدانی تۆ. ئەمە هاوشێوەی ئەنجامدانی پشکنینی ملی منداڵدانە.

4. نموونەی ناتەواو

ئەمە بەو واتایە دێت کە تاقیگەکە ناتوانێت نموونەی تێستی پشکنینەکەت لێکبداتەوە. داوات لێدەکرێت کە لە ماوەی سێ مانگەی دیکەدا پشکنینی ملی منداڵدان دووپات بکەیتەوە.

## پێدانی ڕەزامەندی خۆت

هەرکاتێک کە فەحسی پشکنینی ملی منداڵدان ئەنجام دەدەیت، ئێمە داوات لێدەکەین کە بە واژۆکردنی فۆرمی پشکنینی ملی منداڵدان بەرلە تێستەکە ڕەزامەندی خۆت بدەیت. ئەگەر نەتوانیت فۆرمەکە واژۆ بکەیت، داوات لێدەکرێت کە بەشێوەی زارەکی یان بە نیشانە لێدان لەسەر فۆرمەکە لە بەردەم پزیشک یان پەرستار ڕەزامەندی خۆت بدەیت.

ئەمە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەیە کە تۆ:

- دەربارەی پشکنینی ملی منداڵدان و سوود و سنووردارییەکانی بە تۆ وتراوە
- لەم زانیارییە تێدەگەیت
- کە ناو، ناونیشان، و وردەکارییەکانی دیکەی تۆ سەیر کراون و ڕاستن (ئەمە یارمەتیمان دەدات کە ئێمە ناونیشانی ئێستای تۆمان هەبێت بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ تۆ)
- ڕێگەمان پێدەدات زانیاریی تاکەکەسی و ڕابردووی پشکنینی تۆ وەربگرین، هەڵبگرین و بیگەیەنین بە کەسانێک کە بەرنامەی پشکنینی ملی منداڵدانی HPV پێشکەش دەکەن

**بیرت بێت:** تەنها تۆ دەتوانیت ڕەزامەندی بدەیت کە بەشێک بیت لە بەرنامەکەی ئێمە. پێویستە ڕەزامەندی خۆت بدەیت بەرلە پشکنینەکەت. هەرکات بتهەوێت دەتوانیت ڕەزامەندییەکەت هەڵبوەشێنیتەوە بە پەیوەندیکردن بە هێڵی تەلەفۆنی بەلاشی ئێمە **Freephone (1800 45 45 55)** یان لەڕێگەی ئیمەیلی **info@cervicalcheck.ie**

ئەمە واتە ئێمە دەربارەی بەرنامەی پشکنینی ملی منداڵدانە لە داهاتوودا پەیوەندیت پێوە ناکەین.

## ئێمە چۆن زانیارییە تاکەکەسییەکەت بەکار دەهێنین؟

پشکنینی ملی منداڵدان (CervicalCheck) ئەنجام دەدرێت و بە شێوەی پارێزراو زانیارییە تاکەکەسییەکەت هەڵدەگرێت (ناو، ناونیشان، ژمارە تەلەفۆن، ڕێکەوتی لەدایکبوون، PPSN، ناوی خێزانی لەکاتی لەدایکبوون، ناوی نێوەندی دایک) و ڕابردووی پشکنینی ملی منداڵدان. ڕابردووی پشکنینی ملی منداڵدانی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ بەشداریکردنت لە CervicalCheck.

ئەمە دەکرێت بریتی بێت لە ئەنجامەکانی پشکنینی HPVـی ملی منداڵدان، ئامادەبوون لە ناوبینی زێ، چارەسەرەکان و ئەنجامەکانی بایۆپسی (نموونەی پشکنین).

ئێمە زانیارییەکانی تۆ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵت بەکار دەهێنین کاتێک کە دوایین فەحسی پشکنینت وادەی هاتبێت یان کاتێک ئەنجامەکانی تۆ بەردەست بن. هەروەها ئێمە زانیارییەکانی تۆ لەگەڵ دەزگاکانی دیکەی تەندروستی ئاڵوگۆڕ دەکەین کە ئەم بەرنامەیە پێشکەش دەکەن. ئەمە بریتییە لە پزیشک یان پەرستارێک کە پشکنینەکەی تۆ دەکات، یان تاقیگە، کلینیکەکانی ناوبینی زێ و ناوەندی تۆماری نیشتمانیی شێرپەنجەی ئێرلەندا (National Cancer Registry Ireland). ئەمە بۆ هێشتنەوە و باشترکردنی کوالیتی خزمەتگوزارییەکەیە.

ئێمە لەوانەیە نموونەی پشکنینەکەت لە فێرکاری، پێداچوونەوە و دیمانەکاندا بەکار بهێنین و بۆ پشکنینی کوالیتی و کاریگەریی بەرنامەکە. هەروەها لەوانەیە زانیارییەکانت بەکار بهێنین بۆ بانگهێشتکردنت بۆ بەشداری لە لێکۆڵینەوە.

بەدەستی خۆتە کە بتهەوێت بەشداری بکەیت لەم پشکنینەدا یان نا. ئێمە هیچکات ناوی تۆ لەناو هیچ ڕاپۆرتێک، لە کاتی فێرکاری یان لەناو پێداچوونەوەکاندا ناهێنین.

ئێمە زانیارییە تاکەکەسیەکانی تۆ بە شێوەیەکی پارێزراو، سەلامەت و نهێنی لەچوارچێوەی ڕێساکانی پاراستنی زانیاری دەهێڵینەوە.

تۆ بەپێی داواکاریی دەستگەیشتنی تەواو و کراوەت بە زانیارییە تاکەکەسیەکانی خۆت هەیە کە لەلایەن **CervicalCheck** هەڵگیردراون. گرنگە کە مۆڵەت بدەیت **CervicalCheck** بزانێت ئایا زانیارییەکانت گۆڕدراون یان نا. بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر چۆنیەتی بەردەستکردنی تۆمارەکانت، سەردانی ئێرە بکە **hse.ie/gdpr/data-requests/**

بۆ زانیاریی زیاتر سەیری ئاگادارییی نهێنپارێزی **HSE** - نەخۆش و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری بکە لە **hse.ie/gdpr/**

## پەیوەندیکردن لەگەڵ تۆ

ئێمە لە دۆخێکی کراوە، متمانەپێکراو و لەکاتی خۆی و شەفافدا پەیوەندی بە تۆوە دەکەین ئەگەر:

- لە چاودێریی تۆدا شتێکی هەڵە ڕوو بدات
- ئەزموونەکەت وەک ئەنجامی چاودێریت زیان بگەیەنێت
- ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە زیانەکەت لەوانەیە ڕووی دابێت

ئەمە واتە ئێـمە بەتەواوەتی زانیاری دەدەینە تۆ لەسەر ڕاستی و وردەکارییەکان لەبارەی بەشداریکردنت لە بەرنامەی پشکنینی ملی منداڵدان.

کاتێک کە ئەنجامەکانت گەیشتە دەستی ئێمە، ئەوا لەگەڵ زانیارییەکانی دیکە دەربارەی واتاکانی بۆ تۆی دەنێرین. هەروەها دەتوانیت زانیاری زیاتر وەدەست بخەیت لەسەر ئەم ماڵپەڕە **hse.ie/cervicalcheck**



CS/PUB/CC-66 Rev 1

# پشکنینی ملی منداڵدان

## فۆرم

CervicalCheck
AN CLÁR NÁISIÚNTA SCAGTHÁSTÁLA CEIRBHEACS
THE NATIONAL CERVICAL SCREENING PROGRAMME

Kurdish

ژمارەی ڤیاڵ:

**فۆرمی ناتەواو لەوانەیە بگەڕێندرێتەوە.**
تکایە پشتڕاستی بکەوە لەگەڵ مشتەریەکە کە هەموو وردەکاریەکانی سەر ئەم فۆرمە ڕاست و دروستن.
دوای ئەوەی کە پشتڕاست کرایەوە، تکایە پێچەسپی ژمارەی ڤیاڵەکە لە ڤیاڵی نموونەکە بکەوە و هاوپێچی فۆرمەکەی بکە.

ژمارەی دەزگای گشتیی تاکەکەسی Personal Public Service) (Number — ژمارە / نامەکان

CSPID

ژمارەی نەخۆشخانە (ئەگەر هەبێت)

ڕێکەوتی لەدایکبوون — ڕۆژ / مانگ / ساڵ

پاشناو تکایە پیتی گەورە بەکار بهێنە

ناوی یەکەم

ناوی نێوەندی

نازناوی کاتی لەدایکبوون

ناوی نێوەندیی دایک

ناونیشانی تەواوی پۆستە (نامەی ئەنجام دەنێردرێتەوە بۆ ئەم ناونیشانە)

تێرکۆد (Eircode)

ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندیکردن

ژمارەی تۆماری ئەنجومەنی پزیشکیی پزیشکی بەڵێندەر:
یان
یان کۆدی کلینیکی:
(ONG یان CUN COLP GYN PPCC STI)

پزیشکی بەڵێندەر یان ناوی کلینیک:

ناونیشان:

ژمارە تەلەفۆن

NMBI یان MCRN

ناوی کەسی وەرگری نموونە:

Sample

## ه- زانیاریی پشکنینی ملی منداڵدان

ڕێکەوتی پشکنین — ڕۆژ / مانگ / ساڵ

**شوێنی وەرگرتنی نموونە**

☐ ملی منداڵدان ☐ ڤۆڵت (دوای تەواوی هیستێرێکتۆمی (دەرهێنانی زێ لە منداڵدان)

لە شوێنێک کە ملی منداڵدان هەیە، کەسی نموونەهەڵگر دەبێت چاوی بە هەموو ملی منداڵدان بکەوێت و بە سووڕانەوەی فڵچە/فرچەکە بە 5 x 360° بە دروستی نموونە هەڵبگرێت. ناردنی نموونەکە پشتڕاسکردنەوەی ئەوەی کە کارەکە تەواو بووە.

## و- وردەکاریی کلینیکی پەیوەندیدار

LMP — ڕۆژ / مانگ / ساڵ

☐ OCP/هۆرمۆنەکان/HRT ☐ پێش/پاش چاندن ☐ دوای خوێنبەربوونی کاتی نزیکی
☐ IUCD ☐ شووشتنی گورچیلە ☐ دوای خوێنبەربوونی سووڕی مانگانە
☐ دوای تەمەنی وەستانی مانگانە ☐ HIV ئەرێنی ☐ هیستێرێکتۆمی نیمچەیی
☐ هیستێرێکتۆمی تەواو

## ی- پشکنین و مێژووی چارەسەر

## ڕەزامەندی

من پشتڕاستم کردوەتەوە کە هەموو وردەکاریەکانی سەرەوەی من ڕاست و دروستن.
ئەو زانیاریانەم خوێندوەتەوە کە دراون بە من و لێی تێگەیشتووم. ڕەزامەندی دەدەم بۆ بەشداریکردن لە پشکنینی ملی منداڵدان (CervicalCheck).

واژۆی ڕاژەخواز: ____________________

CervicalCheck ڕەزامەندی لایەنی سێیەم بۆ ڕاژەخواز قبووڵ ناکات، مەگەر ئەوەی کە ئەندامێکی خێزان یان بەخێوکەر دەسەڵاتی تایبەتی یاسایی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە هەبێت.

ڕێکەوتی وەرگرتن لە تاقیگە — ڕۆژ / مانگ / ساڵ

ژمارەی بەردەستکردن

10 | 20

خانەکانی TZ ☐ ئەرێ ☐ نا

ڕێکەوتی ڕاپۆرتکردن

ڕێگا

پێشنیازی بەڕێوەبردن

واژۆ